# لاوازی کەرتی وزەی عێراق لە بەردەم گۆڕانکاری لە پەیوەندی وڵاتانی زلهێز دا

10-12-2025

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : هەموو ئەمانە فرەچەشنکردنی ژینگەی وەبەرهێنان و کرانەوەی عێراق بۆ کۆمپانیا گەورەکانی وزە لە جیهان دەردەخات، بەڵام کەیسی وێست قوڕنە-2 لاوازییەکی گەورەی کەرتی وزەی عێراق لەنیو پەیوەندی زلهێزەکانی جیهان دەردەخات و ئەو پرسیارە دەهینێتە ئاراوە، ئایا ئەگەر رۆژێک ئەمریکا سزا بخاتە سەر چین و کۆمپانیا جیاوازەکانی عێراق چۆن نەوت بەرهەمدەهێنێت و پارە بۆ وڵات دابیندەکات کە 90٪ لە داهاتی نەوتەوە دێت؟

## بەرایی

ڕۆژانی ڕابردوو بەفەرمی وەزارەتی نەوتی عێراق داوای لە کۆمپانیا ئەمریکییەکان کرد بێن پشکەکانی لوکئۆیڵی ڕووسی لە گەورە کێڵگەی نەوتی وێست قوڕنە -2 بکڕنەوە، چونکە ڕاگرتنی یان درووستبوونی کێشە بۆ بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نزیکەی نیو ملیۆن بەرمیل نەوت بۆ عێراق زۆر قورسە، بەتایبەتیش ئێستا کە نرخی نەوت دابەزیووە و ئەو نرخە نییە بتوانێت خەرجییەکانی عێراق پڕ بکاتەوە.

ڕۆژ بە ڕۆژیش قەبارەی وەبەرهێنانی کۆمپانیا چینییەکان لە نەوت و گازی عێراق بەشێوەیەک زیاد دەکات و دەتوانین بڵێین نیوە یان دوو لەسەر سێی ئەم پیشەسازییەی عێراق کە بڕبڕەی ئابووری وڵاتەکەیە لەلایەن چینییەکانەوە بەڕێوە دەبرێت و وەبەرهێنانیان بەسەرمایەی سەروو 30 ملیار دۆلار تێدا کردووە لەهەموو ڕووەکانی وەک گەڕان، هەڵکۆڵین و بەرهەمهێنانەوە.

ئێستا عێراق سەرەڕای داوای لێخۆشبوون لە ئەمریکا بۆ بەردەوامیدان بە بەرهەمهێنانی نەوت تاوەکو ماوەی ساڵێک لە ویست قوڕنە-2، لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ هەریەکە لە کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل و شیڤرۆنی ئەمریکا لە گفتوگۆ دایە بۆ گەیشتنە ڕێککەوتن بۆ کڕینەوەی کێڵگەکە و ڕانەوەستانی بەرهەمهێنانی نەوت لەو کێڵگەی کۆمپانیا ڕووسیەکە ڕێژەی 75٪ خاوەنداری بەڕێوەبردنی دەکات.

مانگەکانی ڕابردوو ئێکسۆن مۆبیل لێکتێگەیشتنی بۆ کێڵگەی مەجنوون کرد و ئێستاش لە گفتوگۆدایە بۆ کڕینەوەی پشکەکانی لوکئۆیڵ لە ویست قوڕنە-2، کە بەئەگەری زۆرەوە عێراقیش حەزدەکات بیدات بە ئێکسۆن تاوەکو شیڤرۆن، بەمشێوەیەش ئێکسۆن مۆبیل کە گەورەترین کۆمپانیای کەرتی وزەی ئەمریکایە دەبێتەوە بە وەبەرهێنەر و کۆمپانیای سەرکاری یەک لەسەر چواری کۆی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق لەساڵی داهاتوو دا.

هەموو ئەمانە فرەچەشنکردنی ژینگەی وەبەرهێنان و کرانەوەی عێراق بۆ کۆمپانیا گەورەکانی وزە لە جیهان دەردەخات، بەڵام کەیسی وێست قوڕنە-2 لاوازییەکی گەورەی کەرتی وزەی عێراق لەنیو پەیوەندی زلهێزەکانی جیهان دەردەخات و ئەو پرسیارە دەهێنێتە ئاراوە، ئایا ئەگەر ڕۆژێک ئەمریکا سزا بخاتە سەر چین و کۆمپانیا جیاوازەکانی عێراق چۆن نەوت بەرهەمدەهێنێت و پارە بۆ وڵات دابیندەکات کە 90٪ لە داهاتی نەوتەوە دێت؟

## کێڵگەی نەوتی ویست قوڕنە -2؛ جێهیشتنی ڕووسیا و گەڕانەوەی ئەمریکا ؟

کێڵگەی نەوتی ویست قوڕنە-2 دەکەوێتە باکووری -ڕۆژئاوای بەسرە لە باشووری عێراق و بەیەکێک لە کێڵگە گەورەکانی نەوت دادەنرێت لە جیهان و یەدەگی سەرەتایی کێڵگەکە سەروو 14 ملیار بەرمیل نەوتە کە لەڕووی جیۆلۆجیشەوە ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە باشترین فۆرمەیشنەوە بۆ کۆبوونەوەی نەوت.

کۆمپانیای لوکئۆیڵی ڕووسی لە کانوونی یەکەمی 2009وە گرێبەستی پەرەپێدانی کێڵگەکەی وەرگرتووە و لەساڵی 2010وە واژۆی گرێبەستی خزمەتگوزاری کردووە بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکە تاوەکو 29ی ئادار 2014 یەکەمین بەرهەمهێنانی بازرگانی لە کێڵگەکەوە دەستپێکردووە. لەساڵی 2019دا کۆمپانیای لوکئۆیل بەهەڵکۆڵینی 57 بیری نەوت ئاستی بەرهەمهێنانی گەیاندە 480 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

کۆمپانیای لوکئۆیڵ خاوەندارێتی 75٪ و کۆمپانیای نەوتی باکوور سەر بە وەزارەتی نەوتی عێراق خاوەنداری 25٪ کێڵگەکە دەکات، بەڵام لەوەتەی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا سزاکانی بۆ سەر ڕووسیا و کەرتی وزەی ڕووسیا بۆ ڕازی بوون بە ئاگربەست لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵەوە چڕ کردووەتەوە، کۆمپانیاکە و حکومەتی عێراق لەدۆزینەوەی میکانیزمێکدان بۆ کۆتایهاتنی کارکردنی کۆمپانیاکە یان ڕێگەدان بە بەردەوامیدان بە بەرهەمهێنان تاوەکو کۆمپانیا ڕووسیەکە پشکەکانی دەفرۆشێت.

خشتەی 1: خشتەی بەرهەمهێنان و تێچوو و داهاتی کۆمپانیای لوکئویڵ لە کێڵگەی ویست قوڕنە -2 لەنێوان 2014 -2021

| 2021 | Q4 (2021 | Q3 (2021 | Q2 (2021 | Q1 (2021 | 2020 | 2019 | 2018 | 2017 | 2016 | 2015 | 2014 | یەکە | بابەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 126,991 | 35,196 | 31,899 | 32,221 | 27,675 | 124,295 | 142,684 | 139,430 | 142,224 | 149,341 | 140,071 | 75,655 | هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا | کۆی گشتی بەرهەمهێنانی نەوت |
| 12,506 | 3,343 | 1,853 | 3,144 | 4,166 | 19,447 | 11,054 | 10,355 | 12,466 | 34,742 | 73,574 | 41,749 | هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا | بەرهەمی پەیوەندیدار بە گەراندنەوەی تێچوو و مووچە |
| $709 | $277 | $130 | $103 | $199 | $597 | $554 | $523 | $554 | $914 | $2,928 | $3,616 | ملیۆن دۆلار / ئەمریکی | تێچوو |
| $109 | $30 | $27 | $28 | $24 | $107 | $124 | $153 | $91 | $128 | $132 | $66 | ملیۆن دۆلار / ئەمریکی | تێجووی دیکە (مووچە) |
| $224 | $58 | $57 | $52 | $57 | $239 | $263 | $280 | $278 | $462 | $780 | $592 | ملیۆن دۆلار / ئەمریکی | خەرجی دەرهێنان و بەرهەمهێنان |
| $487 | $221 | $73 | $50 | $143 | $361 | $293 | $246 | $282 | $447 | $2,109 | $2,980 | ملیۆن دۆلار / ئەمریکی | خەرجییەکانی دیکە ( Depreciation, depletion (and amortization |
| $590 | $242 | $105 | $81 | $162 | $450 | $334 | $406 | $294 | $566 | $2,273 | $3,074 | ملیۆن دۆلار / ئەمریکی | کۆی داهات پێش باج و خەرجییەکانی دیکە |

لەڕاستیدا، سزاکان بەشێوەیەک کاریگەربوون کۆمپانیا ڕووسیەکە دوای کەمتر لە یەک مانگ لە دەرچوونی سزاکان لەلایەن ئەمریکاوە ئەوەی پشتڕاستکردەوە کەوا عێراق هەموو پارەدانێکی کاش و نەوتی خاوی بە کۆمپانیا ڕووسیەکە ڕاگرتووە و ئەگەری زۆرە کێڵگەی نەوتی وێست قوڕنە-2 بکشێتەوە، چونکە بەهۆی سزاکانی ئەمریکا و بەریتانیاوە کۆمپانیاکە لە هەموو ئۆپەرەیشنێکی نێودەوڵەتی دابڕینراوە.

ئێستا، کە هەردوو گەورە کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل و شیڤرۆن لەدانوستاندندان بۆ وەرگرتنی کێڵگەکە لەسەر داوای وەزارەتی نەوتی عێراق، کەزیاتریش ئاڕاستەکان بەوشێوەیە کەوا بدرێت بە ئێکسۆن مۆبیل یان ئەگەر بدرێت بەهەر کۆمپانیایەکی دیکەی ئەمریکی ئەوا دەتوانین بڵێین جێهشتنێک لە سەرەتای 2024دا دوای دوو ساڵ گەڕانەوەیەک دەبێت کە یەک لەسەر چواری کۆی نەوتی بەرهەمهێنراوی عێراق یان بەرهەمهێنانی نزیکەی 1 ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی عێراق دەکەوێتە لای ئکسۆن مۆبیل.

ئەگەرێکی دیکەش گەیشتنە ڕێککەوتنی ئەمریکا ـ ڕووسیا ـ ئۆکراینایە بە ئاگربەست و، ئەو کات بە هەڵگرتنی سزاکان کۆمپانیا ڕووسیەکە دەتوانێت لە کارکردن و وەرگرتنی حەقدەست و قازانجەکانی بەردەوام بێت، کەبەپێی داتاکانی لوکئۆیڵ لەساڵی 2021 دا حەقدەستی تێچووی 709 ملیۆن دۆلار، خەرجی دەرهێنانی 224 ملیۆن دۆلار بووە و لەبەرامبەریشدا بڕی 13.4 ملیۆن بەرمیل نەوت و 590 ملیۆن دۆلار داهاتی بۆ کۆمانیاکە هەبووە.

## وەبەرهێنانی چین لە کەرتی وزەی عێراق؛ نەوت و گاز  لە 2005وە بۆ 2024

بەپێی داتا کۆکراوەکان کۆی وەبەرهێنانی چین لە عێراق لە سێکتەرەکانی وزە، خانووبەرە و گەشتیاری و گواستنەوەدا بەهەردوو جۆری وەبەرهێنان و بیناتنانەوە گەشتووەتە 35.4 ملیار دۆلار لەماوەی 2007 بۆ 2024دا، کە لەو بڕەش سەروو 30 ملیار دۆلاری لەکەرتی وزە بووە.

نزیکەی دوو دەیە زیاترە کۆمپانیا چینییەکان ڕوویان لە عێراق کردووە، بەڵام گەشەکردنە گەورەکە وەکو لە خشتەکەی خوارەوەدا دەردەکەوێت ڕووی لە نەوت و گاز بووە، چونکە چین ئەوەی لە عێراق پێویستییەتی نەوتی خاو بووە. بۆ نموونە  کاتێک ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان چین و عێڕاق دەگاتە نزیکەی 50 ملیار دۆلار لەساڵیکدا، ئەوا ئەم ئاڵوگۆڕە سەروو 35.2 ملیار دۆلار هاوردەکردنی نەوتی خاوی عێراقە لەلایەن چینەوە.

هەروەها، جیاوازییەکی کۆمپانیا چینییەکان لە کۆمپانیا ئەمریکی و ئەوروپی و بەریتانییەکانی کەرتی وزە پەیوەندی نێوان کۆمپانیاکە و دەوڵەتەکەیە، هەربۆیەش دەتوانین بڵێین ناکۆکییەک لەنێوان دەوڵەتی چین و وڵاتێکی دیکەدا بێتە ئاراوە لەسەر پرسە جیاوازەکان ئەوا کیشەکەش بۆ پیشەسازی نەوت و گازی عێراقیش ڕاستە، چونکە نیوە یان 2/3 کارەکانی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە عێراق ئێستا چینییەکان بەڕێوەدەبەن.

خشتەی 2: وەبەرهێنان و کارکردنی کۆمپانیا چینییەکان لە کەرتی وزەی عێراق 2007-2024

| ساڵ | مانگ | وەبەرهێنەر/بەڵێندەر | بڕ بە ملیۆن | قەبارەی پشک | لایەنی مامەڵە | کەرتی وزە (نەوت وگاز و وزەی نوێبووە) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٧ | کانوونی یەکەم | شانگهای ئێلێکتریک | $١,٠٨٠ | | | |
| ٢٠٠٩ | ئادار | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $٢,٩٩٠ | | | نەوت |
| ٢٠٠٩ | تشرینی یەکەم | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $٥,٥٩٠ | ٣٧.٠٠٪ | نەوتی باشووری عێراق، BP | نەوت |
| ٢٠١٠ | ئازار | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $٢١٠ | ٣٧.٠٠٪ | | نەوت |
| ٢٠١١ | نیسان | شانگهای ئێلێکتریک | $١,٠١٠ | | | |
| ٢٠١١ | حوزەیران | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $١٧٠ | | نەوتی میسان | نەوت |
| ٢٠١٢ | تەمموز | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $٨٢٠ | | | نەوت |
| ٢٠١٢ | ئاب | پیشەسازیی ماشینی نیشتمانیی چین (Sinomach) | $١,١٨٠ | | | نەوت |
| ٢٠١٢ | کانوونی یەکەم | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $١٩٠ | | گازپرۆم | نەوت |
| ٢٠١٣ | تەمموز | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $٣٤٠ | | | نەوت |
| ٢٠١٣ | تشرینی دووەم | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $١,٢٥٠ | ٢٥.٠٠٪ | ExxonMobil | نەوت |
| ٢٠١٤ | ئایار | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $٤٢٠ | | | نەوت |
| ٢٠١٥ | ئایار | ژۆنگمان پێترۆلیوم | $٥٣٠ | | | نەوت |
| ٢٠١٥ | تەمموز | ئانتۆن خزمەتگوزارییە نەوتییەکان | $١٤٠ | | | نەوت |
| ٢٠١٦ | تشرینی یەکەم | پیشەسازیی ماشینی نیشتمانیی چین (Sinomach) | $١,٠١٠ | | کار ئێلێکتریک | گاز |
| ٢٠١٦ | تشرینی دووەم | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $٢٨٠ | | شێل | گاز |
| ٢٠١٨ | ئایار | نەوتی کەناری دەریای نیشتمانیی چین (CNOOC) | $٢٢٠ | | | نەوت |
| ٢٠١٨ | ئایار | پیشەسازییە باکوورییەکانی چین (Norinco) | $١,٢١٠ | ٩٠.٠٠٪ | | نەوت |
| ٢٠١٨ | تشرینی دووەم | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $١٦٠ | | لوکۆیل | نەوت |
| ٢٠١٨ | تشرینی دووەم | ژۆنگمان پێترۆلیوم | $١٠٠ | | پێترۆناس | نەوت |
| ٢٠١٩ | شوبات | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $١٥٠ | ٥٠.٠٠٪ | پێترۆناس | نەوت |
| ٢٠١٩ | ئادار | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $١٧٠ | | گازی بەسرە | گاز |
| ٢٠١٩ | ئایار | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $١,٠٧٠ | ١٠٠.٠٠٪ | | گاز |
| ٢٠١٩ | ئەیلوول | کۆمپانیای دروستکردنی وزە (PowerChina) | $١١٠ | | | نەوت |
| ٢٠١٩ | تشرینی دووەم | متمانە و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتیی چین (CITIC) | $٩٨٠ | ٥٠.٠٠٪ | ڕەیان ئەلسافیە | گاز |
| ٢٠١٩ | تشرینی دووەم | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $١٢٠ | | | نەوت |
| ٢٠١٩ | تشرینی دووەم | پیشەسازیی ماشینی نیشتمانیی چین (Sinomach) | $١٤٠ | | | نەوت |
| ٢٠٢٠ | ئادار | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $٢٠٠ | | | گاز |
| ٢٠٢٠ | کانوونی یەکەم | یونایتد ئێنێرجی | $١٨٠ | | | نەوت |
| ٢٠٢١ | تەمموز | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $٥٠٠ | ٧٢.٠٠٪ | ئێنی | نەوت |
| ٢٠٢١ | ئەیلوول | متمانە و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتیی چین (CITIC) | $٩١٠ | | | نەوت |
| ٢٠٢١ | تشرینی دووەم | متمانە و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتیی چین (CITIC) | $٢,٨٥٠ | | هارلق | نەوت |
| ٢٠٢٢ | کانوونی دووەم | یونایتد ئێنێرجی | $٦١٠ | | | نەوت |
| ٢٠٢٢ | کانوونی دووەم | ئەندازیاریی وزەی چین | $٨٨٠ | | | گاز |
| ٢٠٢٢ | شوبات | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $٣٢٠ | | ExxonMobil | نەوت |
| ٢٠٢٢ | نیسان | یونایتد ئێنێرجی | $٤٢٠ | | | گاز |
| ٢٠٢٢ | نیسان | ئەندازیاریی کیمیایی نیشتمانیی چین | $٥٢٠ | | پێترۆناس | |
| ٢٠٢٢ | تشرینی یەکەم | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $١٩٠ | | | نەوت |
| ٢٠٢٢ | تشرینی دووەم | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $٦٧٠ | | | نەوت |
| ٢٠٢٣ | نیسان | چاینا ئۆیل HBP | $٢٠٠ | | | نەوت |
| ٢٠٢٣ | تەمموز | ژۆنگمان پێترۆلیوم | $١٩٠ | | BP | نەوت |
| ٢٠٢٣ | ئاب | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $١٠٠ | | | نەوت |
| ٢٠٢٤ | شوبات | کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی چین (CNPC) | $١٠٠ | | | نەوت |
| ٢٠٢٤ | ئاب | نەوت و کیمیاوی چین (Sinopec) | $١٤٠ | | | نەوت |
| ٢٠٢٤ | تشرینی دووەم | کەرستەی بیناسازیی نیشتمانیی چین | $٣٥٠ | | MASS | نوێبووە |

سەرچاوە: دێرێک سیزەرز، لیکۆڵینەوانی باڵا لە پەیمانگەی ئەمریکی ئینتەرپرایز AEI و دامەزرێنەری تراکەری وەبەرهێنانی چین لە جیهان، ڕۆژی دەستخستنی لە 4ی کانوونی یەکەمی 2025.

تێبینی1 هەندێک لە وەبەرهێنانەکان هاوبەشی لەگەڵ گەورە کۆمپانیا جیهانییەکان کە ڕێژەی پشکەکانیان لە تەنیشت هەر بڕێکی وەبەرهێنان ئاماژەی بۆ کراوە.

## کۆتایی

ئێستا، پەیوەست بە وێست قوڕنە-2 کە ڕۆژێک بەرهەمهێنان ڕادەگرێت و ڕۆژێک هەناردەکردنی نەوتەکەی، ئەوا دوو بژاردە لەبەردەم عێراق بۆ بەردەوامیدان بە بەرهەمهێنانی نیو ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانە لەم کێڵگەوە هەیە: یەکەمیان فرۆشتنی پشکەکانی لوکئۆیل بە کۆمپانیا ئەمریکییەکان و دووەمیان گەشتنە ڕێککەوتنی ئاگربەست لەسەر شەڕی ئۆکراینا- ڕووسیا، کە هەردووکیان دەرخەری لاوازییەکی گەورەی سێکتەری وزەی عێراق و کاریگەری وڵاتەکەیە بە ڕووداوەکانی دەرەوە.

لە داهاتوو دا، پەیوەست بە وەبەرهێنانی کۆمپانیا چینییەکان لە عێراق، ئەگەر ئەمریکی و چینییەکان نەتوانن درێژە بە ڕێککەوتنەکەی کە لە کۆریای باشوور واژۆ کرا بدەن و دووبارە ڕکابەری ئابووری و جیۆسیاسی بێتەئاراوە ئەوا ئەو کات لاوازی کەرتی وزەی عێراق لە هەژموونی گۆڕانکارییەکان دەردەکەوێت و بژاردەی پڕکردنەوەی وەبەرهێنان و کارکردنی کۆمپانیا چینییەکان نەک قورس دەبێت بەڵکوو مەحاڵ دەبێت، چونکە وەبەرهێنانی چینییەکان و کارکردنیان لەعێراق ئەگەر 30 هێندە نەبێت لەچاو ڕووسیەکان کەمتر نییە.

لەکۆتاییدا، ڕاستە عێراق سەرچاوەی وەبەرهێنانی وزەکەی فرەچەشن کردووە و وایکردووە هەمووان بەشدار بن، بەڵام هێندەش لاوازی

کردووە لە ئەگەری دەرکەوتنی کێشە لەنیوان ئەو هێزانەدا، بەتایبەتیش هێزە سەرەکییەکان ئەوا ئابوورییەکەی بەشێوەیەک بکەوێتە مەترسییەوە وێنا نەکراو بێت.